## قەیرانی بازاڕی پارەوپولی جیهانی،[1]
## لەنێوان قۆچی گا و چەپۆکی ورچدا!

بێستون بابان

### سەرەتایەک:

رۆژی 1و2009/4/2 لەندەن گەورەترین خۆپیشاندانی بەخۆیەوە بینی دژی کۆبوونەوەکانی بیست وڵاتی گەورەی سەرمایەداری ناسراو بەG20 لەلەندەن، کەبەمەستی دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بۆ قەیرانی بازاڕی دراوی جیهانی کۆببونەوە. خۆپیشاندانەکان بەبەشداری 150 گروپ لەکاتژمێر 8.30ی بەیانیدا، لەکاتێکدا کەدەیان هەزار پۆلیسیش سەرجادە و دەورپشتی بانکەکانیان گرتبوو، لەچوار قۆڵەوە دەستی پێکرد کە هەریەکەیان ناوی ئەسپێکیان هەبوو، ئەمەش وەک نیشانەیەک بۆ کۆتای جیهان لەسەر دەستی سەرمایەداریدا، ئەم بیرۆکەیەش لەخەوەکەی (St John) هاتبوو کەلە ئینجیلدا باسی ئەکات و تیایدا (St John) لە خەویدا خوا ئەبینێ کەلەسەر کورسیەک دانیشتووە و کتێبێک لەدەستی ڕاستیدایە کە حەوت مۆری مۆمی پێوەیە، ئینجا بەرخێک دێت کە حەوت چاو و حەوت شاخی هەیە و رەمزی رۆحی خوایە (لێرەدا مەبەست عیسایە) وە کتێبەکە وەرئەگرێت و دەست ئەکات بەکردنەوەی مۆرەکان، کاتێک مۆری یەکەم ئەکاتەوە (St John) ئەبینێ کەئەسپێکی سپی دەرئەکەوێت کەسوارەکەی تیروکەوانێکی پێیەو تاجێکی لەسەردایە و ئیشی کۆنترۆڵکردنی شوێنان و بەزاندنی خەڵکە، وەکاتێک بەرخەکە مۆری دووەم ئەشکێنێ ئەسپێکی سوور دەرئەکەوێت کە سوارەکەی شمشێرێکی گەورەی پێیە و ئیشی نەهێشتنی ئاشتیە لەزەویداو وا لەخەڵک کردنە کەیەکتری بکوژن، وە کەمۆری سێهەم ئەشکێنێ ئەسپێکی رەش دەرئەکەوێت کە رەمزی برسێتی و قاتوقڕیە و سوارەکەی تەرازویەکی پێیە کە بۆ بزنسەو دەڵێت ئەبێت خەڵکی پارەبدەن بۆ کڕینی خواردن، وە کەمۆری چوارەم ئەکاتەوە ئەسپێکی کاڵ یان سەوز دەرئەکەوێت کەسوارەکەی مردنە و جەهەنەم بەدوای خۆیدا ئەهێنێ، ئەمانە مافی کۆنترۆڵکردنی هەر چوار بەشەکەی زەویان پێدرابوو کە بە شمشێر، داگیرکردن، برسیکردن و مردن ژیان لەسەر زەوی لەناوبەرن[2] .....هتد.




بەهەرحاڵ کارمەندانی بانکە گەورەکانی ستی(City) ئەو رۆژە هەر زوو لەترسی خۆپیشاندەران جلە نایاب و گرانبەهاکانیان گۆڕی بوو وە لەدەوروبەری بانکەکان بە تی شێت و کاوبۆ و کاڵەی ئەدیداسەوە هاتووچۆیان ئەکرد، یەکێک لە کارمەندە گەورەکانی بانک گووتی؛ 'لەوەتی شەقامی Bishops Gate هەیە بەقەدەر ئەمڕۆ خەڵکی تی شێت و کاوبۆ لەبەری بەخۆیەوە نەبینیوە.' هەندێک لە کارمەندی بانکەکان وەک گاڵتەپێکردن لەپەنجەرەی بانک و نووسینگەکانی پارەوپولەوە دە پاوەنییان لە خۆپیشاندەرەکان ڕائەوەشاند وەک ئەوەی بڵێن ئێمە دەوڵەمەندین و ئێوەش برسین، یەکێک لە رۆژنامەوانەکانی گاردیەن وەک نوکتە گووتی؛ 'ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەم ئەزمەی پارەووپولە زۆر گەورەیە، چونکە ئەگەر ئەم خۆپیشاندانە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا روی بدایە، کارمەندی بانکەکان پەنجا پاوەنیان ڕائەوەشاند لە خەڵکی نەک دە پاوەنی."

بەوتەی حکومەت ئەمە گەورەترین تووندوتیژی بووە لە لەندەندا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەڵام ئەبێت ئەوەش بوترێت کەئەزمەکەش گەورەترین ئەزمەی ئابوریە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە. بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەی ئەزمەکەی سی‌یەکانی سەدەی ڕابردووەوە کەتیایدا وڵاتە سەرمایەدارەکان پشتیان کردە یەکتر و کۆبونەوەکەی لەندەنی ئەوکات هەرەسی هێناو 'رۆزفلت'ی سەرۆکی ئەمەریکا تیایدا چووە دەرەوەو گووتی' ئەمە کۆبوونەوەی بانکچیەکانە" ئەزمەکەش بەجەنگێکی جیهانی کۆتای پێهات، ئەمجارەیان ئەمە ڕوی نەداو وڵاتانیG20 توانیان بەیەکگرتووی بمێنەوە و لەسەر چەند خاڵێکیش ڕێک بکەون، کەئەمەش زۆر گرنگ بوو. هۆکاری ئەم سەرکەوتنەشیان ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ؛ یەکەمیان ئەوەیە کە وەک سی‌یەکانی سەدەی ڕابردوو فاشیەت لەسەر حوکم نیە لە ئەوروپادا، دووەمیشیان ئەوەیە کە چینی کرێکاران لەژێر ڕابەرایەتی حیزبە کۆمۆنیستیەکاندا ڕیکخراو نین وەک ئەوکات.

## تەقینەوەی ئەزمەکە:

سەرەتای دەرکەوتنی ئەزمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ مانگی 9/2007 کە بانکی Northern rockی بەریتانی ئیعلانیکرد کەدووچاری زەرەرو زیانێکی زۆر بووە و دوای لە بانکی بەریتانیا کرد کەفریای بکەوێت. ئەم داوایە بووە هۆی ئەوەی کە ئەوەندەی تر ئیعتمادی لەبازاڕدا بێتە خوارەوە و نیسبەی سەهمەکانی (Share) بەرێژەی 32% دابەزی، کەئەمەش ئەزمەکەی قوڵتر کردەوە و خەڵک کەوتنە خۆیان بۆ دەرهێنانەوەی پارەو موڵکەکانیان لەو بانکەدا، سەرەگرتنی خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو کەناچار پۆلیسیان دانا بۆ کۆنترۆڵکردنی. لەیەک ڕۆژدا خەڵک لە4.5% ئەو پارەیەی کەلەوێ دایان نابوو دەریان هێنایەوە.[3]
ئەمە لەهەمان کاتدا بوو کە بانکە ئەمریکیەکانیش دەستەکەیان وردەوردە کەشف ببوو کە چ نارێکوپێکیەک لەحساباتیاندا هەیە، ئەوەبوو دواتر لەکۆتای مانگی 8/2008دا بانکی لەیمەن براز‌ەر(Lehman brothers)ی ئەمەریکی ئیفلاسی کرد، دواتریش بانکی میراڵ لینچ (Merril Lynch) کە بانکێکی تری ئەمریکی بوو خەریک بوو ئیفلاس بکات  بەڵام بانکی ئەمریکی (Bank of America) کڕی‌یەوە، چونکە حکومەتی فیدراڵی لە توانایدا نەبوو کەرزگاری بکات بەیارمەتیدانی لە خەزێنەی دەوڵەت (National reserve). دوابەدوای ئەمانیش هەندێک لەکۆمپانیا تایبەتیەکانی قەرز دانی عەقار وەک فانی مەی (Fannie Mae)، فرێدی ماک (Freddie Mac) و بیەر ستیرنس (Bear Stearns)  نەیان توانی ئەو قەواڵە دارایانەی (Securitize) کە هەیان بوو بیکەنەوە بە کاش یان بیان فرۆشن.[4]
زۆرێک لەو قەرزی عەقارانەی کەئەم بانکانە دابوویان بە خەڵک نەوعیەتەکەی خراپ بوو (Sub prime mortgage) وە ئومێدی وەرگرتنەوەیان زۆر کەم بوو. بەپێی جۆرج سۆرۆس[5]، شەش ملیون قەرزی عەقاری خراپی لەم جۆرە لە ئەمەریکادا هەیە کە ئومێدی وەرگرتنەوەیان نیە، وە پێنج ملیونی تریش قەرزی عەقاری جۆراوجۆری تر هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی نسبەی فائدەیان (interest rate) جێگیر نیە، لەچەند ساڵی ئایندەدا ناتوانرێت بدرێتەوە. وە موشکیلەیەکی تری سەرەکی ئەوەیە کە زۆرێک لەم قەرزی عەقارانە کراونەتە قەواڵەی دارای (Securitize) و فرۆشراون کە قیمەتەکەیان دەگاتە چەندها تریلۆن دۆلار و سیستمی بانکی جیهانی وەک ڤایرۆس تێکداوە.
دوای ئەوەی کێشەی بانکەکانی ئەمریکا دەرکەوت بانکەکانی تریش لە جیهاندا ناچار بوون بەسەر حساباتی خۆیاندا بچنەوە، کەزۆربەی حساباتیان نارێک و ناتەواو بوو ئەمەش بووە هۆی ئیفلاسکردنی هەندێک بانکی تر وەک بانکی سکۆتلەندی Scotland bank و هەرەها بانکی ئیرلەندا کەقەرزێکی زۆری دابوو بەکۆمپانیاکانی خانوو دروستکردن (بەتایبەتی لە ئەمەریکا) بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە فرۆشتنی خانوبەرە زۆر کەم بووەوە کۆمپانیاکانی دروستکردنی خانوبەرە توانای دانەوەی قەرزەکانیان نیە. شەش ملیار یورۆ لەو قەرزانەیە لەبواری خانوبەرەدا  کە بەتەمای یانەوەی نەماون.
خاڵێکی تر ئەوەیە کەبانکەکان لەدوای ئەم ئەزمەیە ترسان لەوەی کەئیفلاس بکەن وپارەکانیان لەقەرزدا بڕوات، وە هەرەها لەبەر ئەوەی کەپێوویستیان بەپارەی کاش هەبوو لەبەرئەوە قەرزدانیان وەستان یان ڕێژەی فائدەیان زۆر بەرز کردەوە، کەئەمەش بووە هۆی وەستانی بوارەکانی پیشەسازی و بازارگانی، ئەمیش لەخۆیدا بووە هۆی داخستنی زۆرێک لەکۆمپانیاکانی

ئوتومبیل و خانووبەرەو هی تر. ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار یان کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردنیان و زیادبوونی بێکاری، کەئەمەش توانای کڕینی کەلەوپەلی لای خەڵک زۆر کەم کردەوە و بووە هۆی شەلەلکردنی بازاڕ.

وەستانی بازاڕ لە ئەمەریکاو ئەوروپادا کاری کردە سەر بازاڕ لە شوێنەکانی تری جیهانیشدا، لەبەر ئەوەی سیستمەکە هەمووی بەیەکەوە بەستراوە، بۆ نموونە بازاڕی ئەمەریکا یەکێک لە بازارە گەورەکانە بۆ کاڵای چین، کاتێک ئەزمەی بازاڕ لە ئەمەریکا دروست بوو، فرۆشتنی کاڵای چینیش زۆر دابەزی ئەمەش کاری کردە سەر بازاڕی پیشەسازی چین، وە لەبەر ئەوەی چینیش کەرەستەی خاو لەوڵاتانی تر ئەکڕێت ئەوانیش تووشی قەیرانی بازاڕ بوون.




**چۆن قەرزی عەقار خوار نایاب** (Sub prime mortgage) **ئەم ئەزمە جیهانیەی دروستکرد:**[6]

سەرمایەداری بەمەبەستی؛ 1ـ قازانج کردن، 2 ـ چارەسەری کێشەی بێخانووی، 3ـ جووڵاندنی بازاڕ، لەساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لەم قەرزی عەقارە خوار نایابەیان داوە بەخەڵک، لەگەڵ قەرزی ماڵی تری لەم جۆرە، کە زوربەیان نیسبەی فائدە لەسەریان گۆڕاو بووە (ئەو قازانجەی کە دانراوە لەسەر قەرزەکە قابیلی گۆڕان بووە)، دواتر بەمەبەستی قازانجکردنی خێرا یان لەبەر ئەوەی پێوویستیان بەپارەی کاش هەبووە بۆ ئەوەی قەرزی تری پێبدەن، هاتوون ئەم عەقدی عەقارانە، یان ئەم عەقارانە و هەندێک دۆکۆمێنتی ماڵی تر، یان کۆمەڵێک معامەلەی دارای تریان پێکەوە بەستووە و کردونیان بە قەواڵەی داری (Securitize) زەمانەتکراو لە شکڵی دۆکۆمێنتێکدا، بەمەش بەرهەمێکی تری ئاڵۆزیان هێناوەتە ئاراوە کە پێی دەڵێن؛ بارمتەی قەرزی زەمانەتکراو (Collateralized debt obligation - CDO). دواتر ئەوانەی ئەم جۆرە قەواڵەی داریانەیان (Securitize)دروستکردووە لەگەڵ چەندەها جۆر دەلاڵی پارەوپولدا ڕێکەوتوون کەتوانای ئەوەیان هەبووە ترس لەسەر زەرەرکردنی ئەم "بارمتەی قەرزی زەمانەتکراوانە" بشارنەوە یان لە بازاڕدا بەکەم بینرخێنن وە هانی دەوڵەمەندەکان بدەن کە بیان کڕن چونکە قازانجی مسۆگەرە بەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لەم قەواڵەی داریانە فرۆشتووە. بوونی داوا لەسەر کڕینی ئەم قەواڵەی داریانە (Securitize) وای لە بانکەکان کردووە کە زۆرتر لەم جۆرە قەواڵانە بەرهەم بهێنن و بەپەلە بیان فرۆشن بەبانکەکانیتر یان نووسینگەکانی تری سەرمایەخستنەگەڕ. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بۆ کردنی قازانجێکی خێرا فرۆشتویانەتەوە بەبانک و نووسینگەی پارەو پوولی دەرەکی یان ناوخۆی تر یان بە خەڵکانێکی سەرمایەدار کە پارەی کاشیان هەیە و ویستویانە بیخەنە کارەوە لە بازاڕدا.

سەرمایەداری بەمە لەچەند لاوە قازانجی کردووە، لەلایەک بەدانی عەقار بەخەڵکانێک کەهیچ دەسکەوتێکیان نیە یارمەتی ئەو خەڵکە هەژارە قەرزارەی داوە کە بێ شوێن نەبن وە هەم بانکەکانیش قازانجایان کردووە وە هەم بازاڕی بۆ کۆمپانیەکانی خانووبەرە دروستکردن دۆزیووەتەوە، بەمەش بازاڕی بەئارامی هێشتۆتەوە. چونکە ئەگەر ئەمەی نەکردایە لەلایەک خەڵکێکی زۆر بەهۆی هەژاریەوە بێ شوێن ئەبوون، وەزۆرێک لەکۆمپانیاکانی دروستکردنی خانووبەرە دائەخران کەئەمەش کاریگەری خراپی ئەبوو بۆ سەر بازاڕ بەگشتی.

بەڵام کاتێک نسبەی فائدە لەسەر قەرزی عەقارەکە زیاد ئەکرێت (جا ئیتر بەهەر هۆیەک بێت) ئیتر ئەو خەڵکە هەژارەی کەئەم قەرزی ئەقارەیان وەرگرتووە ناتوانن ئەم فائدە زۆرە بدەن چونکە ئەوەی کەدەستیان ئەکەوێت دیاریکراوە و لێرەوە ئەزمەکە دەست پێئەکات. لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت کە ئەم بانکانە بەمەبەستی قازانجکردنی زیاتر، بێ گوێدانە هیچ یاساو ڕێسایەک قەرزێکی یەکجار زۆری لەم شێوەیەیان داوە، وەک پێشتر باسم کرد تەنها لە ئەمەریکادا 6 ملیون قەرزی عەقاری خراپی لەم جۆرە هەیە کە ئومێدی وەرگرتنەوەیان نیە.  نرخی ئەم قەواڵەی دارایانە (Securitize) هەمووی پێکەوە ئەکاتە چەندەها تریلیون دۆلار کە ئێستا بازاڕی تێکداوە.
لەیمەن براژەر(Lehman brothers، میراڵ لینچ(Merril Lynch، فانی مەی(Fannie Mae)، فرێدی ماک( Freddie Mac) و بیەر ستیرنس(Bear Stearns) هەموو ئەو سەرمایە پاشکەوتکراوەی کە هەیان بوو کرابوو بەم بارمتەی قەرزی زەمانەتکراوە(CDO—-Collateralized debt obligation) وە هەر بۆیەش بەهۆی ئەم ژەهرەوە هەرەسیان هێنا. وە زۆر بانکی تریش لەئایندەدا هەرەس دێنن کاتێک دێتە سەر ئەوەی حساباتیان ڕێک بکەنەوە و بزانن بەحەقیقەت چەندیان هەیە.

خاڵێکی تر ئەوەەیە کە ئەو بانک و نووسینگەی پارەوپول و کەسایەتیە سەرمایەدارانەی کەئەم قەواڵە داراییانەیان (Securitize) کڕیووە، لەترسی ئەوەی کە ڕۆژێک ئەو بانکەی کەقەواڵە دارایەکەیان لێکڕیووە هەرەس بهێنیت وئیفلاس بکات، هاتوون تەئمینی ئەم قەواڵە دارایانەیان کردووە بەشێوەیەک لە تەئمینکردن کەپێی دەڵێن Credit default swap کەئەمە لەچەند خاڵێکدا لەتەئمینکردنی ئاسای(insurance) جیاوازترە. هەروەها بوونی کاڵایەکی لەم جۆرە لەبازاڕدا کەبەهاکەی هی کەڵایەکی سەرەکیترە  نەک هی خۆی ، وای لەخەڵکانێکی زۆر کردووە کە گرەو(قومار) بکەن لەسەر ئەم جۆرە کاڵایانە و ئەو شوێنانەش کە ئەم جۆرە کاڵایانە بەرهەم دێنن. بۆ نموونە من ئەچم بۆ بانکی(A) کە ئەم جۆرە معامەلەیە (گرەوە) ئەکات، ئەڵێم ئەمەوێت گرەو بکەم لەسەر ئەوەی کە بانکی(B) ناتوانێت لە 10 مانگی ئایندەدا قەرزەکانی بداتەوە، یان قەرزەکانی وەرگرێتەوە یان فڵان کۆمپانیا لەکۆتای ئەمساڵدا هەرەس دێنێ.یان نرخی سەهمەکانی فیسار کۆمپانیا بەرزئەبێتەوە، وە بۆ ئەم مەبەستە من هەموو مانگێک بڕێک پارە ئەدەم بەبانکی(A)، جا چەند خۆم بمەوێت گرەوی لەسەر بکەم. ئەگەر لەکۆتای ماوەکەدا من غەڵەت بووم و گرەوەکەم دۆڕاند ئەوا پارەکەی کەداومە ئەڕوات بەڵام ئەگەر گرەوەکەم بردەوە ئەوکات بانکی(A) بەپێی ئەوەی کە لەسەری ڕێکەوتووین قازانج ئەدا بەمن بۆ نموونە بۆ هەر دۆلارێک کەمن خستوومەتە ئەو قومارەوە سەد دۆلارم ئەداتێ....هتد.
گروپی ئینەرناشناڵی ئەمەریکی(AIG) یەکێکە لەگەورەترین ئەو کۆمپانیای تەئمینانەی کە زۆرترین قەواڵەی دارای تەئمین(Credit default swap) کردووە، وە زۆرترین گرەوی لەم جۆرەی هەبووە، وەئێستاش لەکاتێکدا کە خەڵک ناتوانن قەرزی ئەقارەکانیان بدەنەوە وە ئەو بانکانەش کەقەرزی ئەقارەکەیان داوەو دواتریش کردوونیان بە قەواڵەی دارای(security). هەرەس دێنن، ئەبێت(AIG) ئەو قەرزانە ببژێرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی (AIG) ئەو تەئمینەی( Credit default swap) کە فرۆشتوویەتی زۆر زیاتر بووە لەو سەرمایە ڕاستەقینەیەی کە لەحەقیقەتدا هەی بووە، ناتوانێت ئەو هەموو زیانە ببژێرێت و هەر بۆیەش دووچاری کەوتوون بوو. سەدان شوێنی تریش جا چ بانک بن یان کۆمپانیای سەرمایەگوزاری تایبەتی‌تر کەبەم یاریکردنەوە خەریک بوون ئێستا لە کەوتنندان. **بەپێی سۆرۆس بەهای ئەو گرەوەی کەکراوە**

**لەسەر تەئمینی Credit default swap دەگاتە 45 تریلیۆن دۆلار، ئەمە پێنج جار لە بەهای هەموو عەقدە بازرگانیەکانی حکومەتی ئەمریکی گەورەترە.** هەر بۆیەش حکومەتی ئەمریکی بەناچاری تەداخولی لە مەوزوعەکەدا کرد چونکە ئەگەر AIG ئیفلاس بکات ئەوا هێندەی تر قەیرانەکەی ئێستا قوڵتر ئەبێتەوە.

## لایەنی مێژووی ئەزمەکە:[7]

مارکس ئەڵێت "ئەزمەکان بەشێکن لە سیستمی سەرمایەداری، کەئەمەش هەر چەند ساڵێک جارێک ڕوئەدات." بەڵام سەرمایەداری ئەتوانێت لە ڕێگای چەند ئاڵوگۆڕێکەوە بۆ ماوەیەک بەسەر ئەم ئەزمانەدا سەرکەوێت هەرچەندە ئەزانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەزمەکە بەشێوەیەکی توندتر دێتەوە مەیدان. ئەم ئەزمەیەی ئێستا سەرمایەداری دووچاری بووە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزمەکەی ساڵانی شەستەکان و سەرتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کەئەویش بەم شێوەیە.

لەکۆتای شەستەکان وسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەمەریکاو ئەوروپادا یەکێک لەموشکیلەکانی سەرمایەداری بریتی بوو لەکەمی کرێکار، وە هەروەها ڕێکخراوبوونی کرێکاران لە ڕێکخراوی سیاسیدا، بەمەش بەئاسانی کرێکاری هەرزان و گوێڕایەڵیان دەست نەئەکەوت، هەر بۆیە چەند ڕێگایەکیان گرتە بەر بۆ چارەسرکردنی ئەو ئەزمەیە ئەویش بە؛

1. هێنانی خەڵکانی پەناهیندە لەوڵاتانی ترەوە، ئەوە بوو ئەمریکا ساڵی 1965 بۆ ئەم مەبەستە یاسای کۆچ و پەنابەرێتی گۆڕی بەقازانجی پەنابەر تاوەک وڵاتانی تری ئەوروپا دەستی بگات بە هێزی کرێکار لەشوێنەکانی تری جیهاندا ( وەک چۆن پێشتر فەرەنسا لە مەغریب، ئەڵمانیا لەتورکیا، سوید لە یۆگسلاف و بەریتانیا لە کۆنە مستعمەرەکانیەوە کرێکاریان ئەهێنا).
2. گۆڕینێکی بنەڕەتی لە ئامێرەکانی کارکردندا کەبەمەش خەڵکانێکی زۆریان لەسەر کار دەرکرد.
3. خەڵکانی وەک ڕێگان و ساتچەر کەوتنە تێکشکاندنی ڕێکخراوەکانی کرێکاران.
4. ناردنە دەرووەی کۆمپانیاکانیان بۆ وڵاتانیتر تالەوێ بەهەرزان بەرهەم بهێنن، بەمەش بوارێکی سەرکی تری کاریان خوڵقاند کەئەویش ناردنی کەلوپەل بوو لە کۆنتەینەدا (containerization) کەئەمەش بواری گواستنەوەی ئاسان و هەرزان کرد و پێوویستیان بە زۆرێک لەکرێکار نەما کە لەبواری گواستنەوەدا کاریان ئەکرد.
5. دروستکردنی سیستمێکی پەیوەندیکردنی پێشکەوتوو کە ڕێگای خۆشکرد بۆ کۆنترۆڵکردن و لەیەک نزیککردنەوەی کۆمپانیاکان لەجیهاندا.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە سەرمایەداری چارەسەری کێشەی کرێکار بکات، وە تاساڵی 1985 بەتەواوەتی ئەم کێشیە لەناوبەرێت. دواتریش هەرسهێنانی سۆڤیەت و گۆڕانی سیستمی چین دوو ملیار کرێکاری تری خستە بازاڕاوە، کەهەموو ئەمانە بوونە ئەوەی کە لەماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا کرێکار توانای فشارخستنەسەری وەک پێشتر نەمێنێ.

بەڵام کاتێک کرێکار هێزی فشارخستنەسەری نامێنێ هەقدەستی کەمی پێئەدرێت، وەکاتێکیش کە هەق دەستەکەی کەم ئەکەیتەوە توانای کڕینی کەم ئەبێتەوە، بەمەش جووڵەی بازاڕ کەم ئەبێتەوە، هەربۆیەش سەرمایەداری جارێکی تر لەناوخۆیدا تووشی ئەزمەیەکی تر بوو کە ئەویش کەم بوونەوەی کڕین و فرۆشتن بوو. ئەمجارەیان بۆ ئەوەی بازاڕ بەشێوەیەکی ئاسای بجووڵێت هاتن کۆمپانیاکانی کارتی ئیعتیمادیان داهێنا (یان کارتی قەرز – Credit Card)، بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەرقەی کە هەیە لەنێوان ئەوەدا کەکرێکار دەستی ئەکەوێت لەگەڵ ئەوەدا کە پێوویستی پێیەتی بۆ ئەوەی خەرجی بکات. ئەویش بەقەرز پێدانیان لە ڕێگای کۆمپانیاکانی (کارتی قەرز – Credit Card) وە. ئەمەش خانەوادەی کرێکاریان کرد بەژێر قەرزەوە بەڵام توانی سیستمی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕدا بەشێوەیەکی ئاسای بجوڵێنێت، لەلایەکی ترەوە کۆمپانیاکانی پارەوپول کەوتنە یارمەتیدانی ئەو خێزانە قەرزارانەی کە تەقریبەن هیچ دەرامەتێکیان نیە ئەویش بەپێدانی قەرزی عەقار، لەپێشدا دانی عەقار بەو کەسانەی کە خاوەن کار و موعتەبەرن و توانای یانەوەیان هەیە بەڵام دواتر لەساڵی 2000 دا ئەبینین کە بازاڕ پڕ بووە

له قەرزی عەقار خوار نایاب (Sub prime mortgage) که ئیحتمالی یانەوەیان زۆر کەمە، ڕێژەی قەرزاری خانەوادەیەکی کرێکاری ئەمریکی لەساڵی 1980دا 40.000$ بووە بەڵام ئەمڕۆ ئەگاتە 130.000$ ە. بەڵام سەرمایەداری بەمە بازاڕی دروست کردووە چونکە ئەگەر ئەمەی نەکردایە زۆرێک لەکۆمپانیاکانی خانووبەرە دروستکردن ئەوەستان و هەرەسیان ئەهێنا کەئەمەش ئەزمەیەکی تر ئەبوو، بەڵام ئەزمەکە لە ئێستادا توانای نەدانەوەی قەرزە لەلایەن خانەوادە کرێکاریەکانەوە بە بانکەکان.

خاڵێکی تری ئەم ئەزمەیە ئەوەیە کەلە دوای ساڵی 1980وە بەهۆی کەمی دانی هەقی کارەوە دەڵەمەندەکان زۆر بەخێراتر دەوڵەمەندتر بوون، وە لەجیاتی ئەوەی کە ئەو قازانجە (زێدەبایەیە) زۆرەی کەدەستیان ئەکەوێت جارێکی تر بیخەنەوە بواری بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە و بواری کارکردن دروست بکەن، هاتن خستیانە بازاڕی پارەوپولەوە (بورصەوە) کەفائدەی لەسەرە، بەمەش کاتێک بورصە لەبەرزبوونەوەدایە قازانجی زیاتر ئەکرێت هەربۆیەش پارەی زیاتریان تێدا خستەگەڕ، کەواتە خستنەگەڕی سەرمایە زیاتر لەبواری پارەوپولدا بوو کەئەمەش تەئسیری لەسەر بازاڕ هەیە بەگشتی ، وە لەئێستادا کە نرخی موڵکی ماڵی (asset) هەرەس دێنێ بازاڕی خانووبەرەو و بورصەش لەگەڵیدا هەرس دێنی.

### چارەسەرەکانی G20 بۆ ئەزمەکە:[8]

هەرچەندە لەدوای کۆبونەوەکەیG20 لەندەنەوە وڵاتانی سەرمایەداری چەندەها کۆبوونەوەی تریان بەستووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم ئەزمەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خاڵە بنەڕتیەکانی کەلەسەری ڕێکەوتوون و تائێستا کاری بۆ ئەکەن هەر ئەوانەن کە لە G20 پێیگەیشتوون. وەک پێشتر باسم کرد گرنگترین لایەنی ئەم کۆبوونەوەیەش ئەوە بوو کەتوانیان بەیەکگرتووی بمێننەوەو لەسەر چەند خاڵێکیش ڕێک بکەون کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1) دانانی نیزام و یاسایەکی توندوتیژتر بۆ کۆنترۆڵکردنی نووسینگەکانی خەملاندنی ئیعتماد ( Credit rating agencies) {کەکاریان چاودێریکردنی بازاڕ و هەڵسەنگاندنی باش و خراپی کۆمپانیا و بانکەکانە و دانی ئیعتبارە پێیان، بۆ نموونە ئەگەر ئەمان بڵێن فلان کۆمپانیا لەگروپی Aدایە ئەوا ئەو کۆمپانیایە سیقەی لەبازاڕدا زۆر ئەبێت، وە بانکەکانش بەئاسانی قەرزی ئەدەنێ......هتد} وە هەروەها ڕێگرتن لەکێشەی مەنفەعەت [ڕێگانەدان بەهەمەلایەنە قازانج بردن، یان کەوتنە ژێر فشاری ئەو کۆمپانیانەوە کە دەعمی ئەمان ئەکات].

2) بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی ئەو وڵاتانەی کە پەناگای تاکسن (tax havens)[9] وە ئابڵوقە بخرێتە سەر ئەو وڵاتانەی کەنایەنەوێت ئیمزا لەسەر یاساکانی دژە نهێنی تاکس (anti secrecy regulations) بکەن.

3) تەواوکردنی دروستکردنی کۆلیژەکانی جیهانی چاودێریکەران (international colleges of supervisors) بۆ یاسادانەرانی ماڵی وڵاتان ( بۆ چاودێریکردنیان– نووسەر).

4) ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەهەموو شێوەیەک ڕێگا خۆش بکرێت بۆ ئەوەی هەر وڵاتێک بتوانێت بەتەنها گەشە بکات و ئابوری بەهێز بکات، وە ڕێگابدرێت کە لەئایندەدا پارەی زیاتر بخاتە بواری سەرفکردنی گشتیەوە.

5) یەک تریلیۆن دۆلاری تر بخرێتە ئابوری جیهانەوە، ئەویش بەوەی کە 500ملیار بدرێت بەسندوقی نەقدی دولی (IMF) بۆ یارمەتیدان، وە 250 ملیاری تریش پارەی لەبەردەستدا بوو هەبێت بۆ وڵاتانی تازە گەشەکردو لەڕێگای مافی ڕاکێشانی تایبەتەوە (special drawing rights)[10]– سەر بەسندوقی نەقدی دەولی، وە 250 ملیاری تریش بخرێتە بواری یارمەتیدانی بازرگانیەوە.

6) ریفۆرم لە دامەزراوەکانی وەک سندوقی نەقدی دەولیدا بکرێت، وە ڕێگا بدرێت وڵاتانی وەک چین ڕۆڵی کاریگەرتیان هەبێت تیایدا. پۆستی سەرەکی بانکی دەولی و سندوقی نەقدی دەولی ئاواڵەبکرێت لەبەردەم پاڵێوراوان لەوڵاتانی گەشەسەندوی جیهانەوە کە خۆیانی بۆ مرشح بکەن.

7) 50 ملیار دابینبکرێت بۆ هەرە هەژارترین وڵاتەکانی جیهان.

**چەند سەرنجێک لەسەر ئەم رێکەوتننامەیە:**

a. بەشێوەیەکی گشتی لەم کۆبوونەوەیەدا سیاسەتمەدارنی وڵاتانی سەرمایەداری ویستیان تەئکید لەسەر ئەوە بکەنەوە کەسەرچاوەی ئەم ئەزمەیە خودی سیستمەکە نیە، بەڵکو نارێکوپێکی لەحسابات و چاوچنۆکی هەندێک لەبانکەکان دروستیان کردووە. ڕاستە چاوچنۆکی بانکەکان و بێسەروبەری لەحساباتیاندا بەشێکی گەورەی ئەزمەکەن بەڵام پێویستە ئەوە بگووترێت کە هۆی ئەم چاوچنۆکی و بێسەروبەریە ئەوەیە کەئەم وڵاتانە لەماوەی 20ـ 30 ساڵی ڕابردوودا بەناوی بازاڕی ئازادەوە بەتەواوەتی چاوی خۆیان لەبازاڕ نوقاندووە، ئەمە تائەو ڕادەیەی کەبانکەکان لەکۆنترۆڵ بچنە دەرەوە، بەڵام ئێستا لە کاتێکدا سیستمی بانک لەهەرەس هێناندایە ئەڵێن ئێمە یاسایان بۆ دائەنێین و ڕێکیان ئەخەین.

b. گەمارۆ خستنە سەر وڵاتانی پەناگای تاکس (tax haven) وەک مۆنۆکۆ، لۆکسمبۆرگ، برمۆدا....هتد، کە ئەگەر نەیانەوێت ئیمزا لەسەر دژە شاردنەوەی تاکس بکەن. ئەمەش جارێکی تر بۆ ڕزگارکردنی سەرمایەداری بوو لەو ڕەخنانەی کەلێی ئەگیرێت کەگوایە سەرمایەدارەکان خۆیان تاکس نادەن. چەندەها ساڵە ئەم وڵاتانە حەشارگای تاکسن و سەرمایەدارایاش زۆرباش ئاگاداریان بووە و بەڵام پێشتر چاویان لێ نووقاندون چونکە بەقازانجی سەرمایەدارەکان تەواوبووە، بەڵام ئێستا ئەیانەوێت بڵێن کەبەشێک لەئەزمەکە ئەوەیە کە چەند کەسێکی هیچوپوچ لە تاکس هەیڤن سودمەندن نەک سیستمەکە وە ئەبێت ڕێگایان لێبگیرێت، کەچی ستیڤن تیمس (Stephen Timms) کە بەرپرسی دووەمی دارییە لە بەریتانیا ئەڵێت ئەمە وانیە چونکە بوونی پەناگای تاکس (tax haven) زۆر گرنگە بۆ ئارامی سەرمایەی ماڵی (financial stability).

c. پارەی زیاترخستنە بواری سەرفکردنی گشتیەوە (public spending by government) کە لەخاڵی چواردا باسکراوە، ئەویش چارەسەر نیە، چونکە لە کۆتایدا ئەم پارەیەش ئەچێتەوە بانکەکان و لەوێدا ئەخەوێت، چونکە جارێکی تر بانکەکان نایخەنەوە بازاڕ و نایدەنەوە بەقەرز بۆ ئەوەی لە مەشروعێکی تردا بخرێتەگەڕ. بەڵام وڵاتانیG20 بەم کارەیان ئەیانەوێت دەمی بانکەکان چەوربکەن وهانیان بدەن کەچیتر لەوە زیاتر نەترسن و قەرزبدەن و لەیاریەکەدا بمێننەوە. چونکە لەئێستادا چ بانکەکان وە چ خەڵک ئەو پارەیەی کەهەیانە لە بازاڕدا ئەیکێشنەوە و ئەیدەن بە ئاڵتوون و دایئەنێن کە ئەمەش سەرمایەکی مردووە.

d. خاڵی گرنگ لەم ڕێکەوتنامەیەدا بریتیە لە ڕێکەوتن لەسەر یارمەتیدان و زیندوکردنەوەی سندوقی نەقدی دەولی لەسیاسەت و گەمەی ئابوریدا، بەپێدانی بڕی 500ملیار، بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە یارمەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو ئەمەریکای لاتین بدرێت کە لەنوقم بوون ڕزگاریان بێت.[11] چونکە لەداوی دروست بوونی ئەم ئەزمەیە بانکە ڕۆژئاواییەکان کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا پارەیەکی زۆریان لەم بانکانەدا خستبووە گەر، هەموو پارەکانیان لەبانکی ئەم وڵاتانەدا دەرئەهێننەوە، وە لەئێستادا بانکی ئەم وڵاتانە لەئیفلاس کردندان وە ناتوانن ئەو عەقدەماڵیانەی (bond[12]) کە هەیانە بیفرۆشن، هەربۆیەش لەهەرەس هێناندان و ئەمەش وای لێکردوون کە موحتاجی سندوقی نەقدی دەولی (IMF) ببن. وڵاتێکی وەک لاتیڤیا کە لەنێوان ساڵانی 2004ـ 2008 دا گەشەکردووترین ئابوری هەبووە لەئەوروپادا ئێستا بەهۆی ئەم هۆیانەوە کەباسمان کرد بەرەو داڕوخان ئەڕوات، وە هەر بۆیەش لەمانگی 2/2009دا خۆپیشاندانی زۆر توندی بەخۆیەوە بینی، وە تائێستاش مەترسی نائارامی زیاتری لێئەکرێت.

هەروەها دانانی 250 ملیار دۆلار بۆ بواری بازرگانی؛ کەئەمە هەمان مەشروعەکەی کەنەدییە کە ئەیگووت با وڵاتانی جیهانی سێهەم ئیعتیماد بکەنە سەر شت ناردنەدەرەوە (Export) لەجیاتی یارمەتی وەرگرتن لەوڵاتانی پێشکەوتووەوە (Aid)، ئەمەش

مانای ئەوەیە کە وڵاتانی هەژار پارە بەقەرز وەرگرن بۆ بەرهەم هێنان و ناردنەدەرەوەی ئەو شتانەی کە وڵاتە سەرمایەداریە گەورەکان ئەیانەوێت، هەرچەندە ئەمە وای لەوڵاتێکی وەک بەرازیل کردووە لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەم هێنانەشدا نەتوانیت 200 ملیون تێربکات.

بەهەرحاڵ ئەمە خاڵێکی باشە و ئەتوانێت تۆزێک جووڵەی بازاڕ گەرموگوڕ بکات، بەڵام ئەم برە پارەیە زۆر بچوکترە لەوەی کەبتوانێت چارەسەری کێشەکە بکات. موشکیلەی سەرەکی ئەوەیە کەلە ئێستادا سیستمی بانک بەستویەتی وە بانکەکان سیقەیان بەبازاڕ نەماوە و قەرز نادەن بەبوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی. لەبەرئەوەی کە ترسیان هەیە لەوەی کەقەرزەکانیان بفەوتێت.

### کاریگەری ئەزمەکە لەسەر بازاڕ و خەڵک:

لەدوای دروست بووونی ئەم ئەزمەیەوە بە سەدان کۆپانیا داخراون و سەدان هەزار کرێکاریش بێکاربوون، ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر خێزان لەبەر نەتوانینی دانەوەی عەقارەکانیان خانوەکانیان لەدەستداوە. ئەم باسە زۆر زۆری ئەوێت بۆیە من لێرەدا تەنها چەند خاڵێکی کەم لەکاریگەریەکانی ئەم ئەزمەیە دەست نیشان ئەکەم.

لەئەمەریکا کەسەرچاوەی ئەزمەکەیە؛ لەمانگی 2008/10 وە تا سەرەتای مانگی 2009/5، 539000 کەس بێکاربوون. ڕێژەی بێکاری لە نێوان کرێکارانی بیناسازیدا گەیشتۆتە 19.7%، هەروەها ڕێژەی بەتاڵە لەنێو پیاواندا کە پێشتر 9.5%بوو ئێستا بەرزبۆتەوە بۆ لە10%، وە لەنێوان کرێکارانی ئەفرۆ- ئەمەریکیشدا لە 13.3%وە بەرزبۆتەوە بۆ لە 15%، وە لەئێستادا 13.7 ملیۆن ئەمەریکی بێکارن کەئەمە شەش ملێون زیاترە لەساڵی پار.[13] وە هێشتا ڕێژەی بێکاربوون زۆر بەخێرای لەبەرزبوونەوەدایە و هەندێک لە کۆمپانیاکان سەعاتەکانی کارکردن کەم ئەکەنەوە.

بواری پیشەسازی ئوتومبێل[14] لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتیانەشدا کەئەدرێت بۆ ڕزگارکردنی، کەچی تووشی خراپترین ئەزمە بووە بۆ یەکەم جار لەهەموو مێژووی خۆیدا، بۆ نموونە شەریکەی تویوتا بۆ یەکەم جار لەدوای چل ساڵ 3.28 ملیار یۆرو زەرەری کردووە، وە هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەم بوونەوەی فرۆشتنی سەیارە لە ئەمەریکا و ئەوروپادا، وەهەروەها بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی پێوویست. هەروەها شەریکەی جەنراڵ مۆتۆڕ لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا 6ملیار دۆلار زەرەری کردووە، ئەم زەرەرە لەهەمان ماوەی ساڵی 2008 دا 3.3 ملیار دۆلار بووە. هەربۆیەش بەناچاری بەرهەم هێنانی ئوتۆمبیلی بۆنتیاکی وەستاند. وە لەچوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئوتۆمبیلی BMW و هەروەها مینی نسبەی فرۆشتنیان بەڕێژەی 21.9% دابەزیووە لەچاو ساڵی پاردا. هەروەها شەریکەی ڤۆلکسڤاگن لەچوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نسبەی فرۆشتنی بەڕێژەی13.6% هاتۆتە خوارەوە بەبەراورد لەگەڵ هەمان ماوەدا لەساڵی پاردا.

ڕێژەی بێکاری لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا لەبەرزبوونەوەدایە بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەک بەریتانیادا ڕێژەی بەتاڵە لەبەرزترین حاڵەتدایە لەدوای ساڵی 1995وە. تەنها لەماوەی سێ مانگدا واتە تا مانگی شەشی ئەمساڵ ژمارەی بێکاربوون 220 هەزار بەرزبۆتەوە بەمەش ڕێژەی بەتاڵە گەیشتۆتە2،435،000. لەنێو گەنجانی تەمەن 16-24 ساڵدا نسبەی بەتاڵە 19.1%ە.[15] لێرەدا پێوویستە ئەوە بگوترێت کە تەنها لەدوای کەوتنی هەردوو بازاڕی **Woolworths** و **MFI** لەماوەی یەک شەودا 31000 کرێکار بێکاربوون. وە لەئێستاشدا نرخی خانووبەرەش زۆر بەخێرای دێتە خوارەوە کەئەمە خراپترینە دابەزینە لەدوای ساڵی 1930وە.

لە شوێنەکانی تری ئەوروپاشدا نسبەی بێکاربوون لەبەرزبوونەوەدایە، تەنها لەمانگی 2009/8دا ڕێژەی بەتاڵە لە شآنزە وڵاتی ئەوروپادا بەرزبۆتەوە بۆ 9.5%دا. وەتەنها لەمانگی حەوتی ئەمساڵدا لەئەورووپای یەکگرتوودا 167000 کەس بێکاربوون ئەمەش ژمارەی بێکاربوانی گەیاندۆتە 15 ملێون.

له ئیسپانیادا ڕێژەی بێکاری تەنها لەمانگی شەشدا بەرزبۆتەوە بۆ 18.1%دا.[16]
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەرهێنانەوەی دەیان تریلێون دۆلار لەبازاڕی خانووبەرەدا و خستنەگەڕی لەبواری بازرگانی خواردندا، نرخی شتومەکی بەتایبەتی خواردنی بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرزکردووە کەئەمەش بۆتە هۆی برسیکردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵک لە سەرتاسەری جیهاندا.[17]

## هەنگاوە عەمەلیە دەستبەجێکانی سەرمایەداری بۆ جوڵاندنەوەی بازاڕ.

ئەو چارەسەریانەی لەکۆبونەوەکانیG20 ی لەندەندا خرانەڕوو بۆ کۆتای پێهێنانی ئەزمەکە، ئەو کاریگەریەی نەبوو کە بەخێرای بازاڕ بجوڵێنێت، هەربۆیە سەرمایەداری کۆمەڵێک هەنگاوی تری نا بۆ جوڵاندنی بازاڕ لەوانەش:

1) دانی بەشێکی زۆر لەو پارەی باجەی(تاکس) کە خەڵک ئەیدەن بەحکومەت، بەبانکەکان تا لەئێستادا حساباتی خۆیانی پێ ڕاست بکەنەوەو هانیان بدەن کەجارێکی تر قەرزبدەن. وەکاتێکش لەئەزمەکە هاتنە دەرەوە پارەکە بدەنەوە بە حکومەت

2) کردنی پشکنینی تەواوەتی حکومەت بۆ بانکەکان (Government Stress test)[18] ، بەتایبەتی لەئەمەریکادا، بۆ ئەوەی بزانن حساباتی بانکەکان چەندن وە ئایا گونجاون بۆ ئیشوکار شان بەشانی بانکە جیهانیەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی سیقە بۆ بازاڕو بانکەکان بگەڕێنرێتەوە- ئەمەش تۆزێک بازاڕی جوڵان چوونکە گوتیان حساباتی بانکەکان بەو شێوەیە خراپ نیە کەباسی لێوەئەکەن.

3) لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو کەوایان لە (International Accounting Standard body- IASB)[19] کرد کە یاساکانی شل بکات و زۆر توندوتیژ نەبێت لە پشکنینیدا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بانک و کۆمپانیاکان بتوانن ئەو سەرمایەیەی کە هەیانە بەو نرخە بیخەمڵێنن و تۆماری بکەن لەحساباتیاندا کەئەمان ئەیانەوێت نەک بەو نرخە ڕاستەقینەیەی کە کەلوپەلەکان لەبازاڕدا ئەیکات. ئەوە بوو(IASB) یاسای 157ی وەستاند، چونکە بەپێی ئەم یاسایە ئەبێت نرخی کەلوپەلەکان بەپێی نرخی ڕاستەقینەی بازاڕ هەڵبسەنگێنرێت. ئەمەش وای لەبانکەکان و کۆمپانیاکان کرد کە حساباتیان بەبەرز بنرخێنن و کەمێک سیقە پەیدابکەنەوە لەبازاڕدا و بازاڕی پارەوپول ڕوو لەسەر بێت.

4) چاپکردنی بڕێکی زۆر لە پارە و خستنە بازاڕەوەی، بەتایبەتی لەبەریتانیاو هەندێک وڵاتی تردا بۆ جوڵاندنی بازاڕ، بۆ نموونە بەریتانیا هەشتا ملیار پاوەنی چاپکردووە خستویەتیە بازاڕەوە. کەئەمەش دزیەکی تری گەورە بوو کە لەخەڵکیان کرد، چونکە ئەم پارە نوێیە بەهاکەی لەوکاڵایانەی ترەوە وەرئەگرت کە هەن، هەربۆیەش ئەگەر کەسێک خاوەنی سەد پاوەن بێت ئەوا نرخی ئەو سەد پاوەنەی کە هەیەتی لەدوای چاپکردنی پارە نوێیەکە دێتە خوارەو بۆ هەشتا یان حەفتا پاوەن جا بەپێی ئەوەی چەند پارەی نوێ خراوەتە بازاڕەوە.

5) هەرزانکردنی هەندێک لەکەلوپەلەکان: وەک ئارایشت و جلوبەرگ لە بازاڕە گەورەکاند، یان ئۆتومبێل تا هانی خەڵکی بدەن کە چیتر پارەکانیان زیندانی نەکەن و شت بکڕن، بەمەش بازاڕ بجوڵێت.

6) ڕوخاندنی بینای کۆن و دروستکردنی نوێ لەجێگەیاندا، گەورەکردنی شارەکان ، داهێنانی تەکنەلۆجیای سەوز بۆ جێگرتنەوەی تەکنەلۆجیای کۆنتر، هەمووی هەنگاون بۆ ئەوەی بازاڕ بجوڵێت و سەرمایەداری لەم ئەزمەیە دەرچێت. دروستکردنی گوندی ئەڵمانی و ئەوروپی و شاری خەونەکان و هاتنەناوەوەی مانگی شەش هەزار ئۆتومبیل بۆ شوێنێکی وەک کوردوستان بەبێ هیچ بەرنامەیەک، بەشێکن لەم هەنگاوانەی سەرمایەداری بۆ هاتنەدەرەوە لەم ئەزمەیە، کەچی حوکمڕانانی کوردوستان لەکاتێکدا کە لە60% خەڵکی کورد بێکارن ئەمە بەپێشکەوتن و گەشەی ئابوری دەزانن. لەکاتێکدا جگە لەماڵ وێرانی بەوڵاوە شتێکی دیکەنیە، لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کەهەندێک لەمیدیاکان کە دەبوو چاوساغی میللەت بن کەچی پڕوپاگەندەی بازرگانی بۆ ئەم جۆرە مەشروعانە ئەکەن.

**کۆبونەوەکانی G20 لە ئەمەریکا.**

ڕۆژی 2009/09/24 لەکاتێکدا دەیان هەزار کەس لەشەقامەکانی (پیتسبێرگ)دا ناڕەزایەتیان دەردەبڕی لەدژی کۆبونەوەکانیG20 وە بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن پۆلیسەوە سەرکوت ئەکران، تەنانەت پۆلیس بۆ یەکەم جار لەمێژوودا چەکێکی تازەیان بەکارهێنا کە ئەویش بۆمبی دەنگ بوو بۆ کەڕکردنی گوێی خۆپیشاندەران،[20] جارێکی تریش بیست وڵاتە گەورەکەی سەرمایەداری کۆبوونەوەی خۆیان بەست و چەند خاڵێکیان خستە ڕوو لەوانە؛ 1. جارێکی تر تەئکیدکردنەوە لەسەر زیندوکردنەوەی ڕۆڵی سندوقی نەقدی لەسیاسەتی جیهانیدا، 2. کردنی G20 بە کانسڵێکی هەمیشەی بۆ هاریکاریکردنی ئابوری جیهانی. ئەمەش مانای ئەوەیە کەG20 جێگای G8 بگرێتەوە، لێرەدا پێوویستە ئەوە بڵێن کە گۆردن براونی سەرەک وەزیرانی بەریتانیا لە کۆبونەوەی لەندەنیG20 دا، باسی ئەوەی کرد کەنەزمێکی نوێی جیهانی ( New world order) دەهێنرێتە گۆڕێ، بەڵام بەئاشکرا نەیگووت کەG20 جێگای G8 ئەگرێتەوە، وە لێرەدا پێوویستە ئەوەش بڵێین کە پێش براونیش، جۆرج بۆشی باوک بۆیەکەم جار لەجەنگی عێراقدا باسی (New world order )کرد، وە ئەمەی براون ئیدامەیە بەوەی جۆرج بوش. وە خاڵێکی سەیریش کە کۆبوونەوەکە ئیعلانی کرد ئەوە بوو کە گوایە ئەم ئەزمەیە کە گەورەترین ئەزمەی ئابوری بووە بەرەو کۆتای بوون ئەچێت. بەڵام ئایا ئەمە وایە؟

**ئایا ئەزمەکە بەرەو کۆتای بوون دەچێت؟**

هەرچەندە بازار جوڵەیەکی کەمی بەخۆیەوە بینیووە، بەڵام ئەمە مانای کۆتایهاتنی ئەزمەکە نیە، ئەزمەکە زۆر گەورەترە لەوەی کە بەم زووانە کۆتای پێ بێت، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ قەناتی CBS دا لەڕۆژی 2008/12/14 دا ویتنی تلسن (Whitney Tilson – an investment fund manager)[21] گووتی کە؛ 'ئەو هەرەسی خانووبەرەیەی کە بەهۆی قەرزی عەقار خوار نایاب (Sub prime mortgage) وە ڕوویداوە تائێستا لەنیوەی یەکەمیدایە، وە نیوەی دووەمی ئەم هەرەسهێنانە لە دەوروبەری ساڵی 2010 دا دەست پێئەکات و تاساڵی2013 بەردەوام ئەبێت.'

لەلایەکی ترەوە بەپێی زۆرێک لەبۆچوونی پسپۆڕانی ئابوری جەولەی دووەمی هەرەسهێنانی بازاڕی پارەوپوول بە هۆی خانووبەرەوە نابێت بەڵکو بەهۆی کارتی ئیعتیماد (یان کارتی قەرز– Credit Card) وە ئەبێت. کارتی ئیعتیماد ( Credit Card) کە بەدرێژای مێژوو بۆ کۆنترۆڵکردنی بەتاڵە بووە، بەڵام لەم ئەزمەیەدا ئەبێتە هۆی ئەزمەیەکی تری ماڵی، چونکە خەڵک ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، نسبەی خەسارەت بەهۆی کارتی ئیعتیمادەوە لەمانگی 2009/2 دا 8.06% بوو کەچی لەمانگی 2009/3دا بەرزبووەوە بۆ 9.33%دا وە ئێستاش بەردەوام لەبەرزبوونەوە، وە چاوەڕوان ئەکرێت کە ڕێژەی زیان لە کارتی ئیعتیماد (Credit Card) تاساڵی 2010 ە بگاتە 141.5 ملیار دۆلار.[22]

خاڵێکی تر ئەوەیە کەئەگەر لەئێستاشدا سەرمایەداری لەم ئەزمەیە بێتە دەرەوە ئەوا لەئایندەیەکی نزیکدا تووشی هەمان ئەزمەو ئەبێتەوە بگرە بەشێوەیەکی توندتریش، لەبەرئەوەی سەرمایەداری موشکیلەی خستنەوەگەڕی زێدە قازانجی هەیە (capital surplus) لەبازاڕدا. چونکە بەپێی تئیوریەکانی سەرمایەداری ئەبێت ئەو زێدە قازانجەی کە بەرهەم دێت جارێکی تر بخرێتەوە بواری بەرهەمهێنان، ئەمەش مانای ئەوەیە کەئەبێت بوارێکی کاری ڕاستەقینەی بۆ بدۆزرێتەوە کە تیایدا بخرێتە گەڕ و قازانج بەرهەم بهێنێت، بەڵام لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا سەرمایەداری موشکیلەی زۆر گەورەی هەبووە لەوەدا کەچۆن ئەو زیدە قازانجەی کەبەرهەم دێت بیخاتەوە بواری بەرهەم هێنانی ڕاستەقینە، هەر بۆیەش لەتازەکردنەوە و گەورەکردنی شارەکان و بەرهەمهێنانی تەکنەلۆجیای سەوزدا خستویانەتەگەڕ، یان بە ناچاری خستویانەتە بازاڕی پارەوپولەوە کە ئەمە زەرورەت سەپاندوویەتی بەسەریاندا، هەربۆیەش ئاسایە کە ناوبەناو ئەزمەی وەک ئێستای لێبکەوێتەوە، وە ئەم ئەزمەیە لە ئایندەدا گەورەتریش ئەبێت، چونکە ئەگەر سەیری هاوکێشەی بەرهەم هێنان بکەین لەڕابردوودا، دەبینین لەساڵی 1750دا قیمەتی بەرهەمهێنانی جیهانی لە کەلوپەل و خزمەتگوزاریدا لەدەوروبەری 135 ملیار دۆلاردا بووە، لەساڵی 1950دا

گەیشتۆتە چوار تریلیۆن دۆلار، وە ساڵی2000دا بەرز بۆتەوە بۆ چل تریلیۆن دۆلار، وە لەئێستادا نزیکەی پەنجا تریلیۆن دۆلارە، وا چاوەڕوان ئەکرێت کە لەبیست ساڵی ئایندەدا واتە تا ساڵی 2030 بگاتە سەد تریلیۆن دۆلار.
بەدرێژای مێژووی سەرمایەداریش ڕێژەی گشتی گەشەکردن 2.5% بووە لەساڵێکد ئەمە مانای ئەوەیە کە لەساڵی 2030دا ئەبێت شوێن بۆ خستنەگەڕی سێ تریلیۆن دۆلاری تر بدۆزرێتەوە لەبواری بەرهەم هێنانی ڕاستەقینەدا کە قازانجی ڕاستەقینەی هەبێت. کەئەمەش موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە چونکە ئەم بڕە پارەیە زۆر گەورەیە.[23]
ئێستا لە کاتێکدا کەڕێژەی هەڵئاوسانی ئابوری لەهەموو کاتێک بەرزترە؛ بێکاربوون ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندایە، خەڵکی توانای کڕینیان کەم بۆتەوە، نرخی شتومەک لەبەرزبوونەوەدایە، دۆلار بەرەو لاوازبوون ئەچێت ...هتد، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرمایەداری گەشبینە، بەڵام ئەم گەشبینیە لە کوێوە دێت؟.
لەڕاستیدا ئەم گەشبینیەی ئەوان لەقازانجکردنی کۆمپانیا هاوبەشە جیهانیەکانەوە دێت، نەک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کرێکار و چینی مام ناوەندیەوە، کەسێکی وەک بێن بێرناکی کە بەڕێوەبەری خەزێنەی فیدراڵیە (Federal Reserve Chairman) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەڵێت 'گەورەترین ئەزمەی ئابوری لەدوای ساڵی 1930وە لەکۆتای هاتندایە." بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کەدەردو مەینەتیەکانی بەردەوام ئەبێت بۆ پانزە ملیۆن بەتاڵەی ئەمەریکی[24]. چونکە لەم ئەزمەیەدا هەموو لایەنێک زەرەرمەند نەبوون، بگرە زۆرێک لەکۆمپانیا جیهانیەکان قازانجی زۆر خەیاڵیان کردووە، ئەویش بەکڕینەوەی ئەوشوێنانەی کە ئیفلاسیان کردووە بەنرخێکی یەکجار زۆرکەم، وەهەندێکی تریشیان ئەزمەکە وای لێکردن کەیەکبگرن و کۆپانیای مۆنۆپۆڵی زۆرگەورە دروستبکەن کەمێژوو بەخۆیەوە نەبینیووە. هەموو ئەمانەش بووە هۆی ئەوەی کە بتوانن نرخ جێگیر بکەن ( price fixing) و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بازاڕی ئەمەریکی و جیهانی بکەن.

**سەرئەنجام:**

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی G20 جارێکی تر لەمانگی یانزەدا کۆئەبنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزمەکە، بەڵام پێم وانیە شتێکی لەوە زیاتر بکەن کە تائێستا کردوویانە، ئامانجی سەرمایەداری لەم کۆبوونەوانە ڕزگارکردنی بانک و کۆمپانیا گەورەکانە نەک ئەو خەڵکە هەژارەی کە بێکاربوون یان خانوەکانیان لەدەستداوە. ئەوان ترسیان لەوە نیە کەئەم بانک و کۆمپانیایانە بەهۆی زۆر گەورە بوونیانەوە بڕوخێن، بەڵکو ئەیانەوێت گەورەتریشیان بکەن ئەویش بەلێکدانیان لەگەڵ یەکتدا بەمەش سەرمایە زیاتر چڕ بکەنەوە (Concentration of capital) و زیاتر بەهێزیان بکەن. هەر بۆیەش لەمەودوا ڕەنگە لەجیاتی بیست کۆمپانیای سەیارە دروستکردن دە کۆمپانیا بمێنێتەوە، بانکەکان جگە لە بانکی تر کۆمپانیا ئیفلاسکردووەکانیش ئەکڕنەوە.
بەبۆچوونی زۆرێک لە پسپۆڕانی ئابوری و سیاسی، ستراتیجیەتی G20ی تا ئێستا ئەوە بووە کەقاتێکیتر بۆیاخ بدات لەو دیوارەی کە لەڕووخاندایە.
سەرۆکی پێشووی بانکی دەولی (Bank of international settlements) ویلیەم ویت[25] کە لەنێوان ساڵانی1995 تا 2008 سەرۆکی بەشی ئابوری بانکی دەولی (Bank of international settlements) بووە لەمانگی نۆی ئەمساڵدا گووتی کە یارمەتیدانی حکومەتەکان بۆ ڕزگارکردنی بازاڕ بۆ ماوەیەکی کەم ئەو تۆوە ئەچێنێت کە لەداهاتوودا بکەوینە ئەزمەیەکی ترەوە، ئەو ئاگاداریدا لەسەرئەوەی کەتووشی دوو ئەزمەی قووڵی بەدوای یەکدا ببین. 'ئایا ئێمە دووچاری ئەزمەیەکی بەشێوەی حەرفی (W) ئەبین' ئەو ئەپرسێت، وە هەرخۆشی لە وەڵامدا ئەڵێت؛'تاڕادەیەکی زۆر دڵنیام. یان ' ئایا تووشی ئەزمەیەک ئەبین لەشکڵی (L) دا؟، لەوەڵامدا ئەڵێت؛ 'هیچ بەلامەوە سەیر نیە، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیرە ئەوەیە کە بەخێرای لەم ئەزمەیەی ئێستا دەرچین و بازاڕ ئاسای ببێتەوە'.
جەیم کاروەنە (Jaime Caruana) بەڕێوەبەری گشتی بانکی دەولی و سەرۆکی پێشووی بانکی مەرکەزی ئیسپانی ئەڵێت؛ "ئەم بەرزو نزم کردنەی بازاڕ نابێت بەهەڵە لێک بدرێتەوە.' ئەو پێی وایە کەپارە خستنەگەڕ لەبواری خزمەتگوزاری گشتیدا (Fiscal stimulus) لەلایەن حکومەتەکانەوە ڕەنگە بۆماوەیەکی کەم گەشە بەبازاڕ بدات بەڵام بەدوای خۆیدا

ڕکودێکی ئابوری دورودرێژ دێنێت، کەئەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵئاوسانێکی ئابوری کە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ هەڵئاوسانێکی تر، چونکە لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا بانکە مەرکەزیەکان هەزاران ملیار دۆلاریان خستۆتە بازاڕەوە بۆ ئەوەی بەر بە رکودی بازاڕ بگرن، هەروەها حکومەتەکانیش بۆ هەمان مەبەست بڕێکی یەکجار زۆر پارەیان چاپکردووە.

لەلایەکی ترەوە ئەو زانیاریانەی لە کۆبوونەوەکانی بیلدەربێرگەوە (Bilderberg)[26] لەم ساڵدا دزەی کردۆتە دەرەوە ئەڵێت کە لەکۆبوونەوەکەدا دوو بۆچوون خراوەتەڕوو ئەویش؛ یان ئەوەتا ئەم ئەزمەیە بەم شێوەیەی ئێستا بۆ ساڵانێکی دورودرێژ بەردەوام ئەبێت و جیهان بەرەو داچوون و برسیکردن و وێرانی ئەبات بەشێوەیەکی هێواش، یان ئەوەتا بەشێوەیەکی خەست ترو توندتر لەوەی کەئێستا هەیە بەردەوام دەبێت بەڵام بۆ ماوەیەکی کەمتر ، وەڕێگا خۆش ئەکات بۆ بەردەوام بوونی نزمی نوێی ئابوری جیهانی، بەبوونی دەسەڵاتێکی کەمتری دەوڵەتان بەڵام بە توانایەکی زیاترەوە.

لەهەموو ئەمانەوە بۆمان دەرئەکەوێت کەئەم ئەزمەیە بەم نزیکانە کۆتای نایەت، وە سەرمایەداری بەردەوام زەرەرو زیانی دەوڵەمەندەکان لەم ئەزمەیە و لە ئەزمەکانی ئایندەشیاندا لەسەر حسابی خەڵکی کرێکار چارەسەر ئەکات.

وەک لیۆپانیچ ئەڵێت پێویستمان بەبزوتنەوەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەڕێوەبەرین، وە تائەو کاتەی ئەو بزوتنەوەیە دێتە گۆڕێ سەرمایەداری بەهەموو دەردو مەینەتیەکانیەوە بەردەوام ئەبێت.

bestunbaban@hotmail.com

05.11.2009

---

[1] لە وۆڵ ستریت ئەگەر بازاڕ ڕوو لەگەرمی بێت و نرخی سەهمەکان لە بەرزبوونەوەدا بێت پێی ئەڵێن بازاڕی گایە ئەگەر نرخی سەهمەکان و بازاڕ لە دابەزیندا بێت پێی دەڵێن بازاڕی ورچە.

[2] The revelation of st John the divine, page 946, chapter 6, New testament, Cambridge University press

[3] Rush on northern Rock Continues, BBC website, 15 sep 2007

[4] Professor Mr. Walden Bello, 2 Oct 08, Huffington post, Philippine

5 یەکێکە لەسەرمایەدارە هەرە گەورەکانی وۆڵ ستریت، وە ماوەیەک لەمەوبەر ئێران تاوانباری کرد بەوەی کە لەپشت خۆپیشندانەکانی ئێرانەوە بووە و ڕیفۆرمستەکانی ئێران بەهاوکاری مؤسسەی سۆرۆس ئەو خۆپیشاندانانەیان ئەنجامداوە.

[6] قەرزی عەقار خوار نایاب (Sub prime mortgage ) بە عەقارێک ئەوترێت کە ئەدرێت بەکەسانێک کە دەوڵەمەند نین و لەبەر نەبوونی یان بێکاربوون لە زروفێکدا ترسی نەیانەوەی هەیە

[7] هەمان سەرچاوەی خاڵی 4.

[8] www.guardian.co.uk/world/2009/apr/02/g20

[9] پەناگای تاکس (tax havens): بەو وڵاتانە ئەگوترێت کە کۆمپانیا یان بانکی وڵاتێکی تر لەسەر خاکەکەیان کارئەکات، بەڵام ئەمان حساباتی ئەم کۆمپانیا و بانکانە لەوڵاتی دایکیان ئەشارنەوە یان بەناتەواوی ئایدەن پێیان، بەمەش کۆمپانیاکە یان بانکەکە تاکس (باج) نادات یان تاکسێکی زۆرکەم ئەدات.

[10] ئەمە جۆرە مافێکە کە وڵاتانی بەشداربووی (IMF ) هەیانە، کاتێک پێوویستیان بە قەرز بێت داوا لەسندوقی نەقدی دەولی (IMF) ئەکەن، بەڵام لەم حاڵەتەدا IMf لەخەزێنەی خۆی پارەکە نادات، بەڵکو داوا لەیەکێک لەو وڵاتانە ئەکات کە بەشدارە لەدابینکردنی ئەو بڕە پارەیەدا، کەئەو پارەیە بدات بەو وڵاتە کەداوای کردووە. واتە IMf خۆی هەڵگری پارەکە (special drawing rights) نیە بەڵکو پارەکە هەر بەناوە و لای ئەو ئەندامانەیە کە ڕێکەوتوون لەسەر دابینکردنی، لەبەرامبەردا ئەو وڵاتەی کە پارەکە دابین ئەکات پارچە دۆکۆمێنتێکی مافی راکێشانی تایبەت special drawing rights) لەو وڵاتە وەرئەگرێت کە پارەکەی پێداوە، ئەمەش ئەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نسبەی ڕاکێشانی ئەم وڵاتە لە مافی ڕاکێشانی تایبەت بۆنموونە لە 3.1% بۆ 5% ، وە ئەم مافی ڕاکێشانی تایبەتە وەک هەموو شتێکی تر ئەکرێ بفرۆشرێت....هتد

[11] Leo Panitch, professor of political economy, York University, interview with the ‘Real news Channel’.

[12] عەقد (bond)؛ بریتە لەو بڕە پارەیەی کە کۆمپانیایەک یان بانکێک یان کەسێک ئەیدات بەقەرز، وە لەبری ئەوە دۆکۆمێنتێک وەرئەگرێت کە لەبازاردا ئەفرۆشرێت، وە هەروەها (Treasury bond) یش ئەوەیە کەولاتێک قەرزێکی گەورە ئەدات بە ولاتێکی تر وە بەهەمان شێوە لە بری ئەوە دۆکۆمێنتێک وەرئەگرێت.

لێرەدا پێوویستە بووترێت کە ڕەنگە یەکێک لەهۆیەکانی نەتوانینی فرۆشتنی عەقد ئەوە بێت کە بەهۆی ئەم ئەزمەیەوە بازاڕی عەقد بەگشتی خۆی باش نەبێت، وەیان ئەم بانکانە نەتوانن کە عەقدی تازە دروست بکەن.

[13] The Washington post/in poor jobs number, hints of improvement, 9May 2009, by; Neil Irwin and Annys Shin

[14] ڕۆژنامەی شرق **الاوسط**، ژمارە 11124، 2009/05/13

[15] www.bbc.co.uk/2/hi/business/8196549 , 12.Aug.2009

[16] www.guardian.co.uk 01.09.2009

[17] بۆ بابەتێک لەسەر ئەم باسە بەناوی 'جەنگی برسیکردن' تکایە سەیری ژمارە 492 ی ڕۆژنامەی هاولاتی بکە، یان لەم لینکە.......

[18] Washingtonpost/ by Sara Goo, 11/05/2009

[19] www.fasb.org statement 157

[20] www.en.wikipedia.org/wiki/2009_G-20_pittisburgh_summit

[21] Economic Duplicity: Recession and record profits, The real estate bubble is not over, by rev. Richard Skaff,……………..

[22] Washington post/capital one reports rising credit card losses, by: Frank Ahrens, April/15/ 2009

[23] هەمان سەرچاوەی خالّی4.

[24] هەمان سەرچاوەی خالّی 22

[25] The Economic Recovery is an illusion, by Andrew Gavin Marshall, October 3, 2009, www.globalresearch.ca/index.php?context=va&aid=15501.

[26] بیلدەربێرگ Bilderberg، کۆبوونەوەیەکی سالانەی زۆر نهێنی بالاترین کەسانی هەلبژاردەی ئەورووپاو ئەمەریکای باکورە، بیلدەربێرگ وەک هەیئەیەکی نارەسمی بیرکردنەوە خۆی ئەناسێنێت، وەهەموو زانیاریەکانیان نهێنیەو هیچ زانیاریەک نادەنە دەرەوە.